راوێژکاری ئەڵمانیا پەیامێکی ئەجێلان بۆ دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد ناودەبات



ئۆلاف شۆڵز، راوێژکاری ئەڵمانیا، پشوازیی لە پەیامێکی ئەجێلان کرد و، بە دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد ناوێبرد. حکومەتی بەریتانیاش پشوازیی لە پەیامەکە کرد و داوایکرد هەموو لایەنەکان لە پرۆسەیەکی ئاشتیانەدا بەشداربن.

شتێفان زایبەرت، گوتەبژی حکومەتی ئەڵمانیا لە زاری ئۆلاف شۆڵز، راوێژکاری ئەڵمانیاوە رایگەیاند، بانگوازەکەی ئەجێلان دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد.

هاوکات وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیاش پەیامەکەی ئەجێلانی بە "هەڵەکی مێژوویی" بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی دەیان ساڵە لە تورکیا ناوبرد و گوتی، کۆتاییهێنان بە تووندوتیژی هەنگاوی یەکەم و گرنگە، بەڵام هەنگاوی زیاتر پێویستە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی بەردەوام، ئاوەش لە ڕەگی ڕزگرتن و بەرزاگرتنی مافە کولتووری و دیموکراتییەکانی کورد لە تورکیا.